# پێشێل کردنی ئازادی ڕادەربڕین و بیروباوەڕ مەحکومە، وەرنە مەیدان بۆ دیفاع لە نووسەر مەریون هەڵە بجەی

بە هەوڵی دارو دەستە ئیسلامیەکان و بە دەست بە پشتا هێنانی یەکێتی نیشتمانی لە شاری سلێمانی خۆپێشاندانێك لە بەرامبەر نووسەری کتێبی "سێکس و شەرع وژن لە ئیسلام دا" مەریوان هەڵە بجەیی بەرێ خرا دوای ئەوەی مەلاکان لە زۆربەی مزگەوتەکانەوە هێرشیان کردە سەر نووسەرو کتێبەکەی ، بە پێێ هەوڵەکان وەزیری ئەوقافی یەکێتی "مەحەممەد ئەحمەد گەزنەیی" رایگەیاندوە کە مەریوان هەڵە بجەیی ڕوو بەڕووی دادگا و زیندان دەبێتەوە ، هەروەها دیارە کتێبەکە ئێستا لەناو بازاڕو کتێبخانەکاندا کۆکراوەتەوە .

ناسیۆنالیزمی کورد و حزبەکانی هەر چۆن بەدرێژایی چەند ساڵ لە توند کردنەوەی کۆنە پەرستی سیاسی درێغیان نەکرد و هەمیشە خەریکی هێنانە ناوەوەی هێزە تیرۆرست و بکوژەکانی ئیسلامی سیاسی بوون . هەمیشەش لەبەرامبەر ووشەی ئازاد و دەربڕینی ئازاد دا چەقۆ کێشە ئیسلامیکان ڕاوەستاون و یەکێتی و پارتی جێگاو ڕێگاو پلەو پایەیان پێداون، هەمیشە بەرەیەکی کۆنە پەرستی ئسلامی _ قەومییان لەبەرامبەر ئازادی سیاسی و هەر پێشڕەوەی بۆ پێشەوە لە کۆمەڵگەدا پێك هێناوە.

ئەم زیادە ڕەویی و دەست درێژیە بۆ سەر مەریوان هەڵە بجەیی و کتێبەکەی پێش هەر شتێك دەست درێژیە بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین و بیرو باوەڕو و گۆپاڵێکە بۆ ترساندنی جەماوەری کوردستان .

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق ویڕای دیفاع کردنمان لە نووسەر مەریوان هەڵە بجەیی، هەر دەست درێژیەك بۆ سەر ئازادی ڕادەربڕین و بیرو باوەڕ مەحکوم دەکەین و بە هەموو توانامانەوە لە دژی ڕادەوەستین و ڕیسوای دەکەین . بانگەوازی کرێکاران و سۆشیالستەکان و چەپ و لایەنگرانی ئازادی و قەڵەم بەدەستە ئازیدیخوازەکان دەکەین نەهێڵن ئەم بەرەیەی کۆنە پەرستی پیلانەکانیان لە کوردستان پیادەبکەن و بە سەرنجامی بگەیەنن .

بژی ئازادی ڕادەربڕین و بیرو باوەڕ

مەرگ بۆ ئیسلامی سیاسی

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عێراق

2006\2\7